پۆلیسی ڕاپۆرین دەستگیرکردنی تەمەتبارێک ڕادەگەیەنێت

ئەمڕۆ یەکشەممە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئیدارەی هاپەڕین دەستگیرکردنی تەمەتبارێکی لەسنوری ناحیەی ژاراوە ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیکابی بەبارەوە دزیوە ڕاگەیاند.

 پۆلیسی هاپەڕین لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، "دوای ئاگادارکردنەوەی هێزەکانمان لەپۆلیسی فریاکەوتن بەبوونی هوودواوێکی دزینی ئۆتۆمبیلی جۆری (پیکاب) لەناحیەی ژاراوە، دوای بەدواداچون و بەدەستهێنانی زانیاری توانیان بەکەمتر لەیەک کاتژمێر تەمەتبار لەگوندی (برایماوە) دەستگیربکەن و دەستیش بگرن بەسەر ئۆتۆمبێلەکەدا".

ئاماژەی بەوەشکردوە، دوای دەستگیرکردنی، تەمەتبارەکە دانی ناوە بەتاوانەکەیدا و بەوتەی خۆی "ئۆتۆمبێلەکەی بەبارەوە لەناو بازاڕی ژاراوە دزیوە".

ڕونیشیکردتەوە، لەئێستادا بەبیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی تەمەتبار بەپێی مادەی 446 لەیاسایی سزادانی عێراقی هاگیراوە و لێکۆڵینەوەش لەگەڵیدا بەردەوامە.